**د. محەمەد حسێنزادە: ڕابەرانی ئوکراینا لە هەڵسەنگاندنی هێزی خۆیان و لایەنی بەرامبەر هەڵەیان کرد**




**د. حسێنزادە دەڵێت: "سەبارەت بە ڕۆژاوا و باشووری کوردستان، دیارە ئەگەر بێتو ئەمریکا یارمەتییان نەدات هەر دوو لایەن تووشی کێشە و گرفتی ئاسایش و بگرە مانەوە دەبەن. لە ڕۆژاوا لەبەر ئەوەی کە دەسەڵاتی کورد هێشتا لە قۆناغی مسۆگەرکردنی مانەوە و سەرەتای دامەزراندنی سیستەمدان و لە باشووری کوردستانیش لەبەر بەفیرۆدانی دەرفەتەکان بۆ خۆبەهێزکردن و پتەوکردنەوەی بنچینەکانی هێز و ناکۆکی و کێشەی ناوخۆییەکان. هەڵبەت من پێم وا نییە ئەمریکا بە ئاسانی بڕیاری لەو جۆرە بدات، گەرچی مانەوەشی لە عێراق و سووریا بە واتای گەرەنتیکردنی مانەوەی ئەو دوو دەسەڵاتە نییە. مانەوە تەنیا بە سیاسەتی خۆیارمەتی واتە پێش هەموو شتێک گەڕانەوە بۆ تواناکانی خۆت گەرەنتی دەکرێت. من وای بۆ دەچم کە دوای هێرشی ڕووسیا بۆ سەر ئوکراینا رەنگە وڵاتانی زلهێز لە ناوچەکانی تر زیاتر گرنگی بە هاوپەیمانانی خۆیان لە ئاستی جیهانیدا بدەن و چوونەدەرەوەی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوینیش بەو خێراییە نەبێت. ئەوە تەنیا بۆچوونێکە و داهاتوو دەری دەخات کە بە کردەوە چی دەبێت. "**

## ◆ بەشی دووهەم

◆ **قەندیل پرێس:** کەمتر لە یەکساڵدا ئەمریکا لە ئەفغانستان پاشەکشەی کرد و تا ئێستاش پاڵپشتییەکی جیدی لە ئۆکراینا نەکردووە، بەشێک لە چاودێران لەم باوەڕەدان کە ڕەنگە ئەمریکا لە ڕۆژئاوا و باشووری کوردستانیش پاشەکشە بکات بە لەبەر چاو گرتنی ئەوەیکە لە دەورەی ترامپ جارێک ئەم کارەی کردووە، بە ڕای بەڕێزتان ئاوا ئەگەرێک تا چەند جدییە؟ ئەگەر هێزەکانی ئەمریکا لە ڕۆژئاوا و باشووری کوردستان پاشەکشە بکەن چی ڕوودەدات؟

▼ **د. حسێنزادە:** ئەو پرسیارە باسێکی زۆر هەڵدەگرێت. باشترە باسەکە وا دەست پێ بکەم کە یەکەمێتییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ئاستی جیهانیدا گۆڕدراون و بەو پێیەش هەموو ئەکتەرەکان، چ دۆست و چ دوژمنی ئەمریکا، دەبێ بە ڕەچاوکردنی ئەو گۆڕانکاریانە سەیری واشنتۆن و پەیوەندییەکانی خۆیان لەگەڵ ئەو وڵاتە بکەن. من زیاتر بڕوام بە جێگۆڕکێی هێزەکانی ئەمریکا هەیە تا کشانەوە و پاشەکشێ. ڕاستە هەم ئۆباما، ترەمپ و بایدن باسیان لە کشانەوەی هێزەکانیان لە ئاستی جیهانیدا کردووە، بەڵام ئەگەر سەرنج بدەین بە کردەوە جێگۆڕکێی هێزەکان بووە. ئەمریکا وەکو وڵاتێکی زلهێز کە بەرژوەندییەکانی لە هەموو جیهاندا بەربڵاون، ئاستەمە بتوانێت بە ئاسانی دەست لە جیهان هەڵبگرێت و گۆشەگری هەڵبژێرێت، بەڵام زۆر ئاساییە کە یەکەمێتییەکان بگۆڕدرێن. بایدن بە گێڕانەوە لە باوکی دەڵێت "ئەوەی هەموو شتێکی بە یەک ئەندازە لە لا گرنگە، وەکو ئەوە وایە کە هیچی لا گرنگ نەبێت ."

هەر سەرەتا دیار بوو کە بایدن زیاتر گرنگی بە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا و ڕۆژهەڵاتی ئەورووپا دەدات و هەوڵی ڕێگریکردن لە بەهێزبوونەوەی چین و ڕووسیا دەدات. چەندە لەوەدا سەرکەوتوو دەبێت دیار نییە، بەڵام ئەوە بە ئاشکرا لە بەڵگەی ستراتیژی ئاسایشی نیشتمانی ئیدارەی بایدندا ئاماژەی پێ کرابوو. تەنانەت چەندین مانگ پێش ئەوەی ئەفغانستان بەجێبهێڵن، ئاماژەی بەوە کردبوو کە کۆتایی بە شەڕە بێکۆتاییەکان دێنن و بەڕوونی ئاماژەی بە ناوی ئەفغانستان کردبوو. ئەوانە دەری دەخەن زۆر جار زێدەڕۆیی دەکرێت لەوەدا کە دەڵێن بایدن تووشی بێ پلانی هاتووە، بەپێچەوانەوە ئیدارەی بایدن بەپێی ستراتیژییەکی داڕێژراو و ڕوون سیاسەت دەکات. هەر وەک چۆن لە یەکەم ڕۆژوە گوتیان ئەوپەڕی هەوڵیان دەدەن بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئەتۆمی ئێران لە ڕێگای دیپلۆماسییەوە و سەرەڕای هەموو ڕەخنەکان لەناوخۆی ئەمریکا و درووستکردنی کێشە لەلایەن وڵاتێکی وەکو ئیسرائیل و ملکەچنەکردنی ئێران بۆ گفتوگۆی جدی، بەڵام تا ئیستا تیمی بایدن پێداگرن لەسەر ئەو سیاسەتە .

سەبارەت بە ئوکرایناش من بەو جۆرەی نابینم کە ئەمریکا پشتی لەو وڵاتە کردبێت، بەپێچەوانە یەکێک لە هۆکارەکانی هێرشی ڕووسیا یارمەتی هەمەلایەنەی ئەمریکا بەو وڵاتە بوو کە پۆتین لێی ئاگادار بوو. بۆیە سەبارەت بە ئوکراینا پرسەکە زۆر جیاوازترە. بە بڕوای من زیاتر لەوەی کە ڕەخنە لە ئەمریکا بگیرێت کە پشتی لە ئوکراینا کردووە، پێویستە پرسیار لە بڕیاردەرانی کێیف بکرێت کە ئەو پێداگرییە لەسەر نزیکبوونەوە لە ڕۆژاوا تەنانەت بە قیمەتی شەڕ لەگەڵ ڕووسیا لەسەر چ هەڵسەنگاندێک بووە؟ دەنا

چاوەڕوانکردنی ئەوەی کە ئەمریکا ڕاستەوخۆ لە ئوکراینا ڕووبەڕووی ڕووسیا ببێتەوە، چاوەڕوانییەکی ڕاستیوازانە نییە، هەر بۆیە ئێستا زلنێسکی لە میانەی شەڕدا زۆربەی خواستەکانی ڕەت دەکرێنەوە .

لەڕاستیدا، دوای بەدەستهێنانی چەکی ئەتۆمی، هیچ کات ئەمریکا و ڕووسیا ڕاستەوخۆ لە دژی یەکتری شەڕیان نەکردووە، بەڵکو هەوڵیان داوە شەڕی بەوەکالەت بکەن یاخود قەیرانەکان بە گفتوگۆ ئاسایی بکەنەوە. هۆکارەکەی ئەوەیە کە هەر جۆرە ڕووبەڕووبوونەوەیەکی ڕاستەوخۆ دەتوانێت تا ئاستی شەڕی ئەتۆمی بەرز ببێتەوە و ئەوەش بە مانای لەناوچوونی دووقوڵی واشنتۆن و مسکۆیە. بۆیە تا ئیستا ناتۆ و ئەمریکا ئامادە نین ئاسمانی ئوکرانیا بپارێزن و خۆیان دەبوێرن لە بڕاردەیەک کە ڕاستەوخۆ ڕووبەڕوویان بکاتەوە لەگەڵ هێزەکانی ڕووسیا. خۆ ئەگەر ئەمریکا و ئەورووپا بیانەوێت گوشارێکی توند بخەنە سەر ڕووسیا، ئەوا دەتوانن بە گەمارۆخستنە سەر نەوت و گازی ئەو وڵاتە ئیفلیجی بکەن، بەڵام تا ئێستا ئەوەشیان نەکردووە. ئەگەر سەرنج بدەن زۆربەی سزا و بایکۆتەکان بۆ تەمێکردنی ڕووسیا بوون نەک بۆ گۆڕینی ڕاستەقینەی ڕەفتاری ئەو وڵاتە لە گۆڕەپانی شەڕدا. ئەو دوو گەمارۆیە پێکەوە جیاوازییان هەیە. تا ئێستا ئەمریکا یەکەمیانی هەڵبژاردووە.

بە بڕوای من دواتر نموونەی ئوکراینا دەچێتە ناو کتێبەکانی سیاسەتی نێونەتەوەیی وەکو نموونەیەک کە ڕابەرانی لە هەڵسەنگاندنی هێزی خۆیان و لایەنی بەرامبەر هەڵەیان کرد. لەبنەڕەتدا وڵاتان بۆیە هەوڵ دەدەن بچنە ناو ڕێکخراوە سەربازییەکان کە لەبەرامبەر هێرشێک لە داهاتوودا توانای بەرەنگاربوونەوەیان زیاتر بێت و ڕێگری لە کاولبوونی وڵاتەکەیان بکەن، خۆ ئەگەر وای دابنین ئوکراینا هەر ئەمڕۆ یان سبەینێ وەکو ئەندامی ناتۆ وەربگیرێت و ڕووسیاش دوای گفتوگۆ بەوە ڕازی بێت، دەبێ لەگەڵ نیوەی خاکەکەی مامەڵەی بکات کە ڕووسیا داگیری کردووە. کورد وتنی بۆ ڕیش چوو سمێڵیشی دانا. بەدەگمەن سیاسەتوان لە مێژووی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکاندا پەیدا دەبن، هێندە بە ئاسانی وڵاتەکەی بەرەو کاولکاریی بردبێت. دوای نیشتنەوەی شەپۆلی میدیایی ئەوەی دەمێنێتەوە وڵاتێکە کە سی ساڵی تر نابێتەوە بەوەی پێش جەنگ. بەگشتی سیاسەتی نیودەوڵەتی جێگای شۆڕشگێری نییە، وڵاتان دەبێت ئامانجەکانیان لەگەڵ هێزیان بەراورد بکەن نەک لەگەڵ ئاوات و ئارەزووەکانیان. بۆیە بە بڕوای من لە نموونەی ئوکرایینادا پێش ئەوەی باسی پاڵپشتیکردن یاخود نەکردنی ئەمریکا بکرێت، پێویستە باس لە چۆنیەتی خوێندنەوەی ڕابەرانی کێیف بۆ هەڵویستی ئەمریکا و ڕووسیا و پێگەی خۆیان بکرێت. پێدەچێت دەسەڵاتدارانی پێش زلنیسکی لەو بارەوە ژیرانەتر هەڵسەنگاندنیان کردبێت.

بەڵام سەبارەت بە ڕۆژاوا و باشووری کوردستان، دیارە ئەگەر بێتو ئەمریکا یارمەتییان نەدات هەر دوو لایەن تووشی کێشە و گرفتی ئاسایش و بگرە مانەوە دەبەن. لە ڕۆژاوا لەبەر ئەوەی کە دەسەڵاتی کورد هێشتا لە قۆناغی مسۆگەرکردنی مانەوە و سەرەتای دامەزراندنی سیستەمدان و لە باشووری کوردستانیش لەبەر بەفیرۆدانی دەرفەتەکان بۆ خۆبەهێزکردن و پتەوکردنەوەی بنچینەکانی هێز و ناکۆکی و کێشەی ناوخۆییەکان. هەڵبەت من پێم وا نییە ئەمریکا بە ئاسانی بڕیاری لەو جۆرە بدات، گەرچی مانەوەشی لە عێراق و سووریا بە واتای گەرەنتیکردنی مانەوەی ئەو دوو دەسەڵاتە نییە. مانەوە تەنیا بە سیاسەتی خۆیارمەتی واتە پێش هەموو شتێک گەڕانەوە بۆ تواناکانی خۆت گەرەنتی دەکرێت. من وای بۆ دەچم کە دوای هێرشی ڕووسیا بۆ سەر ئوکراینا ڕەنگە وڵاتانی زلهێز لە ناوچەکانی تر زیاتر گرنگی بە هاوپەیمانانی خۆیان لە ئاستی جیهانیدا بدەن و چوونەدەرەوەی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوینیش بەو خێراییە نەبێت. ئەوە تەنیا بۆچوونێکە و داهاتوو دەری دەخات کە بە کردەوە چی دەبێت .

◆ **قەندیل پرێس:** هێرشە بەردەوامەکانی تورکیا بۆ سەر باشوری کوردستان و ئامانج گرتنی پەکەکە بە ڕادەی هێرشی ڕووسیا بۆ سەر ئۆکراینا نەبوو بە ڕۆژەڤی کوردان لە تۆرە کۆمەڵایەتییەکاندا، بە ڕای بەڕێزتان هۆکاری ئەم بابەتە چییە؟

▼ **د. حسێنزادە:** ڕەنگە یەکێک لە هۆکارەکانی هەر ئەو بەردەوامییە بێت کە ئاماژەتان پێ داوە، هێرشەکان بۆسەر نەتەوەی کورد هێندە دووپات بوونەتەوە کە بە جۆرێک ئاسایی بوونەتەوە. بەڵام بەو حاڵەش کاردانەوەکان هەمیشە بەو جۆرە نییە. چەندین نموونەیش هەیە کە زۆرینەی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان بەهاودەنگی و هاوکاریی و بە کەڵکوەرگرتن لە تۆرە کۆمەڵایەتییەکان پرسێکیان تەنانەت لە ئاستی جیهانیدا بەرجەستە کردووەتەوە، وەکو عەفرین و کۆبانی و تەنانەت لەسێدارەدانی بەندکراوێک لە ئێران. بۆ پرسێکی وەکو گشتپرسی باشووری کوردستانیش وابوو. جگە لەوە، بەو جۆرەش خۆتان لە پرسیاری یەکەم ئاماژەتان کرد، پرسی ئوکرانیا بووەتەوە ڕۆژەڤی جیهان، هۆکارەکەشی ئەوەیە کە بەرژوەندیی وڵاتانی زلهێزی تێدایە و ڕەنگدانەوەی لە میدیا جیهانییەکاندا هەیە، کوردیش بە گشتی لەو ڕەوتە جیاواز نییە .

بەڵام هەموو ئەوانەش بەو واتایە نییە کە پرسیارەکەی ئێوە هەڵگری ڕێژەیەک حەقیقەت نەبێت. ڕەنگە وتنی ئەوە سەخت بێت، بەڵام ئەو چەند ڕۆژەی شەڕی ئوکراینا دەری خست کۆمەڵگەی کوردستان هەندێجار بەرچاوڕوونییان لە بەرژوەندییەکانی نەتەوەکانی تر زیاترە تا لە بەرژوەندییە نیشتمانەییەکانی کوردستان. لە زۆربەی پرس و ڕووداو و بابەتەکاندا کۆمەڵگەی کوردستان دابەش دەبێت بۆ چەند دەستە، دەکرێت باس لە هۆکاری جۆراوجۆر بکرێت، لە ڕوانگەی منەوە فراوانی ژمارەی حزبەکان ڕۆڵێکی سەرەکی هەیە لەو پرسەدا. هیندەش گرنگی بە بەرژوەندییە حزبیەکان دراوە هەرگیز بە بەها نیشتمانییەکان نەدراوە، بێ هۆ نییە بۆ نموونە دەبینی تاکی کوردی کۆمەڵگەی باشوری کوردستان هاوکات کە پشتگیری لە ئوکرانییەکان دەکات و سەرسامە بە خۆراگرییان لە دژی داگیرکەر، بە بیانووی گەندەڵی دەسەڵاتدارانی هەرێم، تف لە ڕاپەڕین و قیزەونیی نیشتمانی خۆی دەکات! ئەوە کارەساتە تەنانەت ئەگەر ژمارەیەکی کەمیش بن کە نین.

◆ **قەندیل پرێس:** وەکوو پرسیاری کۆتایی، هێرشی ڕووسیا بۆ سەر ئۆکراینا چ کاریگەریەکی لەسەر دۆخی کورد بە گشتی دەبێت؟

▼ **د. حسێنزادە:** لەبەر ئەوەی کە کورد یەکەیەک نییە و وڵاتێکی دابەشکراوە، زۆر ئاستەمە باسی کاریگەرییەکان بکرێت بەبێ جیاوازیدانان لە نیوان پارچەکان، ڕەنگە پەیهاتەکانی شەڕی ڕووسیا- ئوکرانیا و هەروەها پەیهاتەکانی شکست یاخود سەرکەوتنی پۆتین لە جێبەجێکردنی ئامانجەکاندا بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ڕۆژاوا وەکو یەک نەبن. ئەوە پەیوەندی بە هاوکێشەکانی ناوچە و هاوپەیمانانی ڕووسیاوە هەیە .

بە هەر حاڵ ئەگەر بە شێوەیەکی گشتی باسی بکەم، ئەوەی بەکردەوە تا ئێستا ڕووی داوە، ڕەنگە هەم مەترسیدار بێت و هەم تا رادەیەک لە ئاراستەی بەرژەوەندییەکانی کورد بە گشتی بێت. بە بڕوای من ئەوەی کە ڕووسیا وەکو وڵاتێکی زلهێز بۆ ڕەواییدان بە سیاسەتەکانی خۆی باسی دیاریکردنی مافی چارەنووسی کۆمەڵگەیەکی چەوساوە لە ئوکرایینای هێنایە ئاراوە، ڕەنگە لە ئاراستەی هەمان خواست و بەرژەوەندی نەتەوەی کورددا بێت، ڕەنگە باشترین حاڵەتی بۆ کورد ئەوە بوایەت کە دوای ئەوەی ڕووسیا ئەو ناوچانەی داگیر کرد، دواتر بە پرۆسەیەکی ڕیفراندۆم کاروباریان ڕادەستی خۆیان بکات کە هەڵبەت ئێستاش ئەوە دوور نییە. ئەمە لەبەراورد لەگەڵ هەڵویستی وڵاتانی ڕۆژاوا کە بەردەوام بەمەبەستی دژایەتی سیاسەتەکانی ڕووسیا باسی پاراستنی سنوورەکان و یەکپارچەیی وڵاتان وەکو بنەمایەکی هەمیشەیی دەکەن، بۆ کورد باشترە. بەڵام مەترسییەکەش لەوەدایە کە بەکارهێنانی هێز بۆ یەکلاکردنەوەی پرسەکان ببێتە ڕەوتێک و ئاسایی بێتەوە. ئەمە بەتایبەت بۆ هەرێمی کوردستان و ڕۆژاوا، دەتوانێت مەترسیدار بێت، بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە هیچ یەک لە وڵاتانی داگیرکەر هێشتا بە ڕەزامەندی دانیان بەو دوو دەسەڵاتەدا نەناوە و بگرە تورکیا پیلانی زۆر گەورەتریشی بۆ ساڵانی داهاتوو بەدەستەوەیە و ئەوەش بەغدا و تاران بەرەو هەمان ئاراستەی بیرکردنەوە لە پەلهاوێشتن و داگیرکاری زیاتر دەبات .

بە هەر حاڵ داهاتووی ڕووسیا لە ئوکراینا هەر شتێک بێت، ئەو وڵاتە هەر لە سووریا و عێراق و بە گشتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست توانای کاریگەریدانانی دەبێت، هەر بەو جۆرەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش دەتوانێت کاریگەری دابنێت. ئەگەر شاتوشوتی میدیاکان بنەینە لاوە، بە کردەوە دەبینین ژمارەی ئەو وڵاتانە کە بێدەنگییان سەبارەت بەو شەڕە هەڵبژاردووە، بە تایبەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کەم نین، دەمەوێت بڵێم کاتێک وڵاتێکی وەکو ئیسرائیل بەرژەوەندی لەوەدایە کە بەئاشکرا پشتیوانی لە لایەنێکی ئەو شەڕە نەکات، ئەکتەرە سیاسییەکانی کورد، چ دەسەڵاتی باشوور و ڕۆژاوا و چ حزبەکانی دوو پارچەکەی تر، زۆر زیاتر پێویستیان بەوەیە کە خۆیان لە هەڵویستگرتنی توند لە دژ یان لایەنگری لایەنێک دوور بخەنەوە، کە هەڵبەت تا ئێستاش پێدەچێت هەر وایان کردووە. ڕەنگە بوترێت کێ حزب و دەسەڵاتی کورد دەبینێت، بەڵام وڵاتانی زلهێز تەنانەت چاودێری هەڵوێستی کۆمەڵگە بێدەوڵەتەکانیش دەکەن. هیچ شتێک لەسەر گۆی زەوی لە دەرەوەی چاودێری وڵاتانی زلهێز نییە.!

تێلێگرام @QENDILPRESS:

تویتێر @QANDILPRESS:

فەیسبووک www.facebook.com/Qandilpress1:

ئینستاگرامqandilpress: